# ( نزای : ( اللهم إنا نجعلك في نحورهم ونعوذ بك من شرورهم

له ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەگەر لە خەڵکانێک بترسایە -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: «(اللهم إنا نجعلك في نحورهم ونعوذ بك من شرورهم)*». *(واتە: خودایە؛یارمەتیمان بدەیت بۆ (سەرکەوتن بەسەریان وکوشتنیان -لێدان لە گەردنیان-. خودایە؛ پەنا بە تۆ دەگرین لە شەڕ وزیانەکانیان
[ئیسنادەکەی صەحیحە] [نەسائی گێراویەتیەوە - ئیبنوداود گێراویەتیەوە - ئەحمەد گێراویەتیەوە]

اللهم إنا نجعلك في نحورهم : خودایە؛یارمەتیمان بدەیت بۆ سەرکەوتن بەسەریان وکوشتنیان -لێدان لە گەردنیان-):) واتا ئەوان لە ئێمە دوور بکەیتەوە وڕێگری بکەیت ئەوان بگەن بە ئێمە وزیانمان پێبگەیەنن، لێرەدا بە تایبەت باسی گەردن کراوە چونکە خێراترین ڕێگایە بۆ لەناوبردنی دوژمن وزاڵبوون بەسەریدا و لەناوبردنی؛ ئەم نزایە هیوای تێدایە بۆ کوشتنیان. (ونعوذ بك من شرورهم:خودایە؛ پەنا بە تۆ دەگرین لە شەڕ وزیانەکانیان): بەهۆی ئەم نزایەوە خوای گەورە شەڕی ئەوان لە ئێوە دوور دەخاتەوە ومەبەست ئەوەیە کە خوای گەورە زیانیان دووربخاتەوە، وبەربەستێک بخەیتە نێوان ئێمە وزیانی ئەوان. ئەم دوو نزایە هەرچەندە کەمیشە ئەگەر مرۆڤ بە ڕاستگۆیی ودڵسۆزییەوە بیڵێت ئەوای خوای گەورە زیانی دوژمنی لێ دوور دەخاتەوە، وتەنها خودا بەندەکەی سەردەخات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5473

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee